هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

ژمارە : ١٠٧٠٠
ڕێکەوت : ١٢ / ٥ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢٠ / ٨ / ٣

## بەیانی ژمارە (٤٦) ساڵی ٢٠٢٠

**دوابەدوای بەیانی ژمارە**

**(٣.٥.٦.٨.١٠.١١.١٢.١٣.١٤.١٥.١٦.١٧.١٨.١٩.٢٠.٢١.٢٢.٢٣.٢٤.٢٥.٢٦.٢٧.٢٨.٢٩.٣١.٣٤.٣٥.٣٦.٣٧.٣٨.٣٩.٤١.٤٢.٤٤)ی**

**تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و لەسەر بڕیاری لێژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧٤٣٨) لە ٢٠٢٠/٨/٢ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :**

**یەکەم:-** هەموو شوێنە گشتیەکان وەکو (مارکێت ، ریستورانت و شوێنە بازرگانیەکان) نابێت ڕێگە بدەن بە چوونەژوورەوەی هاوڵاتیان بۆ شوێنەکانیان بە بێ بەستنی دەمامك ، بە پێچەوانەوە ئەو شوێنە دادەخرێت بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ و خاوەنەکەی بڕی (١.٠٠٠.٠٠٠) یەك ملیون دینار پێبژاردن دەدات.

**دووەم:-** داخستنی گشت سەنتەر و نورینگەکان (پزیشکان ، پزیشکانی ددان، کارمەندانی تەندروستی، تاقیگەیی) بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ.

**سێ یەم:-** داخستنی شوێنە گەشتیارییەکان و پارکەکان و کافتریا و چایخانەکان.

**چوارەم:-** بەردەوام بوونی داخستنی هوڵەکانی وەرزش و لەشجوانی و مەلەوانگەکان و یانەکانی شەوانە.

**پێنجەم:-** بەردەوام بوونی قەدەغەکردنی گشت بۆنەکان (پرسەی ماتەمینی، ئاهەنگ و بۆنە کومەڵایەتیەکان).

**شەشەم:-** خواردنگە و چێشتخانەکان بە کراوەیی دەمێننەوە تەنها بۆ مەبەستی فرۆشتن بە دلیڤەری بە ڕێنمایی توندی تەندروستی.

**حەفتەم:-** ڕاگرتنی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەردەوام دەبێت و هاتووچۆکردن لە حالەتی زۆر پێویست بە پێی سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترونی دەبێت.

**هەشتەم:-** هاتووچۆکردن لە نیوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بۆ ماوەی یەك هەفتە بە تەواوی ڕادەگیرێت.

**نویەم:-** هاتووچۆی دیپلۆماتکارانی بیانی و هێزی هاوپەیمانان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ڕێگەپێدراوە.

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان<br>بەشی کارگێڕی | Ministry of interior<br>General Directorate of Diwan<br>( ISO 9001:2015 ) | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية ادارة الموارد البشرية<br>قسم الادارة |

ژمارە : ١٠٧٠٠

ڕێکەوت : ١٢ / ٥ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢٠ / ٨ / ٣

**دەیەم:-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە رادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی ڕێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**یانزدەیەم:-** شوفێری ئوتومبیلەکان بە هەموو جورەکانیەوە (تایبەت ، بارهەڵگر ، کرێ) لە کاتی هەبوونی سەرنشین لە گەلیاندا پێویستە شوفێر و سەرنشین پابەندبن بە بەستنی دەمامك بە پێچەوانەوە بە بڕی (٥٠.٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك شوفێر وەك پێبژاردن دەدات.

**دوانزدەیەم:-** پێویستە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت فەرمانبەر و کرێکارەکانی پابەند بکات بە بەستنی دەمامك و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لەو دامەزراوەیە ، بە پێچەوانەوە بە بڕی (١٥٠.٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك خاوەنی ئەو دامەزراوە پێبژاردن دەدرێت.

**سیانزدەیەم:-** هەر گردبوونەوەیەك لە دەرەوەی شوێن و باڵەخانەکانی حکومی و کەرتی تایبەت بە بێ بەستنی دەمامك و ڕەچاوکردنی مەودا کە لە (١.٥) مەتر کەمتر نەبێت بڕی (١٠.٠٠٠) دە هەزار دینار هەر کەسێك پێبژاردن دەدات.

**چواردەیەم:-** ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان و بەڵێننامە پڕدەکەنەوە کە لە ماڵەوە یان لە ژووری هوتێل خۆیان کەرەنتین بکەن ، ئەگەر پێگیر نەبن بەو بەڵێننامەیە بە بڕی (١.٠٠٠.٠٠٠) یەك ملیون دینار پێبژاردن دەدەن ، و ئەگەر پشکنینیان پوزەتیف دەرچوو و کەسی تریان تووش کرد ئەوا سەرجەم تێچووی چارەسەری ئەو کەسانە لەسەر ئەرکی ئەوان دەبێت، زێدەباری ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە بەرامبەریان دەگیرێنەبەر بە پێی هەر دوو ماددەی (٣٦٨-٣٦٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

**یانزدەیەم:-** دەروازەی سنوری ئیبراهیم خلیل بۆ ماوەی یەك هەفتە بە ڕووی گەشتیاران دادەخرێت و بۆ حاڵەتی زۆر پێویست هاتووچۆکردن تەنها بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ دەبێت ، جگە لە ئاڵوگوری بازرگانی کە بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت.

**شانزدەیەم:-** پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ماوەی یەك هەفتە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ئەم بەیانە بکەن بە تایبەتی پابەندبوونی هاوڵاتیان و خاوەن کار و کاسبکاران بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستن وەك بەستنی دەمامك و مەودای نێوان دوو کەس.

| | | |
|---|---|---|
| إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية ادارة الموارد البشرية<br>قسم الادارة | Ministry of interior<br>General Directorate of Diwan<br>( ISO 9001:2015 ) | هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان<br>بەشی کارگێڕی |

ژمارە : ١٠٧٠٠

ڕێکەوت : ١٢ / ٥ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢٠ / ٨ / ٣

**هەڤدەیەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە.

**هەژدەیەم:-** ئەم بەیانە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٤ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

وێنەیەك بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان / نوسینگەی ڕاوێژکار/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- ئەنجومەنی پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی ، دهوك ) / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سکرتاریەت / بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی پێشمەرگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە/ نوسینگەی بەرێز سەرۆکی فەرمانگە/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- وەزارەتی داد/ ب.ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- یەکەکانی (٧٠ و ٨٠) / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایش/ هەولێر ، بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن

ژمارە : ١٠٧٠٠

ڕێکەوت : ١٢ / ٥ / ٢٧٢٠ کوردی

DATE: ٢٠٢٠ / ٨ / ٣

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی/ بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- دەروازە سنوورییەکانی (ئیبراهیم خلیل ، حاجی ئومەران ، باشماخ ، پەروێزخان ، سەرزێر، سەیران بەن، کێلێ، تەوێلە، پشتە و شوشمێ) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی / بۆ زانین و ئەنجام دانی کاری پێویست ، لەگەل ڕێزگرتن..
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بۆ زانین، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتییەکانی نشینگە لە پارێزگاکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەل ڕێزگرتن.
- خولاو.